# دێت لە تۆفانی دوو چاوم لەت لەتی خوێنی جگەر[1]

جێگر بەختیار



٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥ چیرۆک

خۆرەتاوی ڕەشەمێ تین و تاوێکی دیکەی دابووە شاروێن[2]. خەڵکی لە ژوورە تەنگ و تاریکەکان هاتبوونە دەرەوە و هەر یەکەیان بەگژ کارێکدا چوو بوون، ژنان لە دەشـــتان و لە ئاقاران، لە دەم کانی و لە ڕووخ ڕووباری داهاتن و دەچوون، پیاوان بە بازووی ڕەپ ڕەپ خەریکی کار بوون. هەر مرۆیە و لە

1 نیوە دێری شـــیعرێکی نالییە: شـــیری ئەبرۆت، تیری غەمزەت وا لە جەرگم کارییە ... دێت لە تۆفانی دوو چاوم لەت لەتی خوێنی جگەر

2 شاروێن: شاری وێران بوو یان شاری کاولبوو.

کونجێکەوە[3] ژیانی ئاسایی خۆی تێدەپەڕاند، مینای تەختەی شەترەنج، کەس لە خانەی خۆی نەدەپەڕییە سەر خانەیەکی دیکە.

هەتا بە مەردومان ڕا دەگەیشت، ئاژەڵانیش کەیف خۆش بوون، دەت دیت ئێستر بەناو قەرسیلی[4] دەکات غاری[5]، ماینی چوێتی[6] بە لاقی ڕەشی قەترانی و بەدەنی خۆڵەمێشی، خۆی بۆ ئەسپان دەنوێنێت و دەکات مەکەران، هوردە هوردە بەحێل دەلەنگێت و پەرچەمی بەولاو بەملا دادەدا.

دار گێلاسە سەرتاپا ڕەشەکان، شکۆفەی سپی و خۆڵەمێشیان گرتبوو. جار جار هەوری سپی بەژێر خۆردا بۆر تێ دەپەڕین، بۆ چەند ساتێکی کەم سێبەریان دەکەوتە سەر زەوی. تاوناتاوێک دەبووە گورگەزێ[7].

ڕۆژێکی خۆش بوو، تەواو ڕەش و سپی بەڕوونی دیار بوون و لە یەکتر جیا دەکرانەوە.

ڕەشی کاڵی گژوگیا و ڕەشی تۆخی سێبەرەکەی جوانییەکی دیکەی دابوو بە کەژوکێوان.

---

[3] کونج: سوچ، قوژبن و پەنا، شتی خاڵدار ( فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی خاڵ)

[4] قەرسیل: گەنم و جۆ کاتێک سەوزن و بەژنیان بستێکە یان کەمێک زیاترە.

[5] غار: ڕاکردنی وڵاخەبەرزە وەک ئەسپ و ماین.

[6] ماینی چوێتی یان ئەسپی چوێتی: خۆی ئەم ناوە بەشێوەیەکی تر گۆ دەگرێت کە پیتی یەکەمی من بە چ نووسیومە بەڵام لە کاتی گۆکردن ئەم پیتە لە چ قەڵەوترە و لەسەر زاران قورسترە. ئەم پیتە لەڕەنووسی کوردیدا نییە و لە کاتی ئاخاوتندا هەیە، لەبەینی پیتی ک و چ دایە، بەڵام لێرە بۆیە نەمنووسیووە کوێتی و نووسیوومە چوێتی چونکە ڕەنگە خوێنەر واتێبگەت مەبەستم ئەسپی عەرەبییە و ئەسپی وڵاتی کوێتە. ئەسپی چوێتی یان ماینی چوێتی بە هۆی ڕەنگەکەیەوە وای پێ دەگوترێت، ئەم جۆرەیان قاچەکانی ڕەشن و بەدەنی خورماییە.

[7] گورگەزێ: ئێمە لە خۆشناوەتی دەڵێین گورگ دەزێت. ئەوەش ئەو کاتەیە کە خۆر دیارە و باران دەبارێت. بەزۆری ئەم کەشە لەپایزان و بوارانە.

لەو حانەی دا (نەودەر[8]) بەگەیش چەرخی[9] گالیسـکەکەی لە باوەش کرد بوو، هەوڵی دەدا بیبەستێتەوە.

چەرخی خسـتبووە سـەر ڕانانی و بە دەسـتێکی چەرخەکەی گرت بوو و بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە دەسـتی دیکەی بەناو جۆڕکە[10]چکۆڵەکدا دەگێڕا، بەڵکی تەلاشێکی[11]بکەوێتە ژێر دەستی و چەرخەی پێ قایم کات.

باب نەودەر هێشـتا ئارەقی نێوچاوانی نەسـڕی بوو، کە (مەنیژە) هاتوو دێمکەیەکی[12] پڕ ئاوی خسـتبووە سـەر شـانی، وەکوو ئەوەی بەردەمی خۆی نەدیتبێت یانژی دێمکەکەی لە دەستی خزابێت، دێمکە تەپەی لێ هەستا و کەوتە سەر زەوی، نیوەی ئاوەکەی لێ ڕژا.

بـاب سـەیرێکی کرد و لە چـاوانی نواڕی[13]، بێ ئەوەی نووقەی لە دەمی دەربچێت، هەسـتا و چووە پێشـی بە قامکی دۆشـاومژەی پێڵووی خوارەوە چاوی مەنیژەی ڕاکێشا.

-دیسان چاوت هەڵئاوساوە؟

مەنیژە سەری شۆڕ کرد و سەیری بەردەمی خۆی کرد، هیچی نەگوت. چاوانی دیسان ئاوسا بوون، کێمێکی[14]ماشوبرنجیان دەردا بوو.

هەشت ساڵە بەم دەردەوە دەناڵێنێت، باب نەودەر بردبووییە لای زۆر حەکیمان، لە دەردی وی نەگەیشـتبوون. مابوو نەمابوو بڵێن ئەوە پەتایە، لەبەر ئەمەش

---

[8] نەودەر: دەرگە و دەروازەی نوێ.(ناوی پیاون)

[9] چەرخ: لەبری وشەی تایە بە کارم هێناوە، چەرخ لە کوردیدا مانەی خول دەدات، زۆر مانای دیکەی هەیە کە گشتیان نزیکن لە خولانەوە و خول خواردن.

[10] جۆرکە: تورەگە

[11] تەلاش: پارچەدارێکی بچووک.

[12] دێمکە: جۆرە جەوەندەیەکە ئاوی تێ دەکرێت(فەرهەنگی خاڵ)

[13] نواڕی: ڕوانی، سەیری کرد.

[14] کێم ، چێم: پیتی یەکەمی ئەم وشەیەش هەمان دەربڕینی پیتی یەکەمی وشەی (چوێت) هەیە کە گۆ دەکرێت و نانووسرێت. لەبری ئەوە بە ک یان بە چ دەنووسرێت.

زۆر دەترسن کە ئەم پەتایەش وێنای پەتای ئەوێ ساڵێ، کە وەکوو دەگێڕنەوە بەری دووسەد ساڵان بە تووشی ئەو عێڵە[15] هاتووە.

[15] عێڵ: چەند هۆزێک کە بچنەوە سەر یەک باب و باپیر(فەرهەنگی خاڵ)

## حیکایەتی شاری مردووان

سـەرەتا پەتا لە خۆرهەڵاتی شـاروێن بڵاو بوویەوە، دواتر وردە وردە گەیشـتە قەڵا و دواتر هەتا ئەو سەری شاروێنی گرتەوە.

پیرەمێرد و پیرەژن دەکەوتنە ئاویلکە[16]، پشـــتی هەنگێ دەمردن. وەلێ منداڵان بەرگەیـان نەدەگرت، بێ یەک و دوو ڕۆحیـان دەردەچوو. ئەوەی هەنـدێک لەگەڵی دەجەنگا و لە ژیاندا دەمایەوە، ئەوانە بوون، کە جەســـتەیەکی بەهێز و پتەویان هەبوو، جگە لەمەش ئەگەر هیچ دەردێکی دیکەیان نەبوو بێت.

پەتا هێندە ترســـناک بوو، ژیانی خەڵکی شـــاری گۆڕی، شـــار وەک کوێرە گونـدێکی لێ هـات. هەنـدێک لە گۆڕانکـارییەکـان دوای نەمـانی پەتـا گەڕانەوە دۆخی پێشوویان، ئەمما هەندێکی دیکە هەتا هەنووکەش وەک خۆی ماون.

خەڵکی شاروێن لە ترسی ئەوەی پەتا لە یەکتر نەگرنەوە، هاتووچۆی یەکتریان تەرک کرد، لە یەکتر نزیک نەدەبوونەوە و هیچ شتێکیان لە یەکتر وەرنەدەگرت. هامووشـــۆ[17] نەما و خەڵکی لە هاوســـێشـــیان بێ خەبەر بوون، بابایە خۆی لە ژووری حەپس[18] کرد بوو. ئەگەر یەکێکیشـــیان لێ بمردایە کەس نەی دەزانی، مردووی خۆیـان بێ کفن، دف[19] دەکرد. خـاوەن مردوو تەواوی بەدەنی خۆی دەپێچایەوە بە شـێوەیەک هیچ شـوێنێکی لەشـی بە دەرەوە نەبێت. بەم شـێوەیە لە مردووەکەی نزیک دەبووەوە و لە لایلۆنێکی ڕوونی دەپێچایەوە، ئەم ســـەر و ئەو سەری گرێ دەدا تا بە هیچ شێوەیەک هەوای بەر نەکەوێت. مردووی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشـا و دەیبرد تا لە چاڵێک بینێژێت، دەبوو قووڵی چاڵەکە بە

[16] ئاویلکەدا: گیانەڵا سەرە مەرگ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە)

[17] هامووشۆ/ هاتووچۆ

[18] حەپس: زیندانی

[19] دف: شاردنەوە

**بەژنی ســـێ مرۆیان بێت. دواتر کە دەگەڕایەوە بێ ئەوەی هیچ کەســـێکی خێزانەکەی ببینێـت، خۆی لە گەرمــاو دەئـاخنی[20] و مــاوەیەکی زۆر لەوێ دەمایەوە، تا تەواو دەخووســـا خۆی بەداو و دەرمان هەمەچەشـــن و قوڕە سووری دەشووشت.**

**شـــووشـــتن بووە کاری بەردەوامیان، خۆیان و ماڵیان و منداڵیان و تەواوی کەلوپەلەکانیان دەشـــووشـــت. لە ترســـی پەتا هەر شـــتێکیان چەندین جار دەشـووشـتەوە، بە شـێوەیەک کە ترێی ڕەشـمیری[21] هێندە شـووشـتبا سـپی دەبووەوە. هێلکە لە قونی مامر بەر بووباوە لە ئاو و کەفیان دەهاویشـــت، لە ترســـی ئەوەی نەکات مریشـــکەکە دەنکە برنجێکی هەڵگری پەتای خوارد بێ، وای بە حاڵی هێلکەی سەر ڕاوکەش[22] لە کەف و ئاوی قوتاری نەدەبوو.**

**هیندەش نا، وای لێهات لە ناوەوەی خێزانەکانیشـــدا پەیوەندییەکان وردە وردە بەرەو کـاڵبوونەوە دەچوون، هەریەکێ لە ترســـــی ئەوی دیکەیـان خۆی لە قوژبنێکی هەمان ژوور دەنا، کەدەدوان نەکا هەناســـەیان بەر یەکتری بکەوێت هەر یەکەیان ڕووی لەلایەک دەکرد، بەشـێوەیەک کە ئاخێوەر ڕووی لە ڕاسـت بێت و گوێگر لە چەپ. ســـا خودا نەکردە یەکییان بپژمیایە، ئیدی وەک ئەوەی بوومەلەرزە ئەو ژوورەی لەزاند بێت، بە پرتـاو هەر یەکەیـان بەرەو دەرەوە ڕای دەکرد. لێ ئەگەر ژوورەکەیان باش نەشـووشـتبا و کەسـی پژمیوویان بۆ**

---

[20] دەئاخنی: دەپەستا

[21] ڕەشمیری: جۆرەتێکی دەنک گەورەی هێشوو ڕەشە

[22] ڕاوکە: شوێنی هێلکەکردنی مریشک.

چەند ڕۆژێک نەخســـتایەتە ژوورێکی دیکە، ئەوە دوو پێی هیچ کەســـێکی ئەم ماڵباتە وە ژورێ نە دەکەوتەوە. تەوقەکردن و دەستلێدان نەما، بۆ سڵاو کردن دوورا و دوور دەستەکان بۆ ئاسمان بەرز دەکرانەوە.

تا دەهات پەتا تەشـــەنەی دەســـەند، ســێ یەکی دانیشــتووانی شـــاروێن بوونە قوربـانی، لە هەنـدێک بنەمـاڵە تەنیـا یەک کەس ڕزگـاری دەبوو، هەنـدێک قڕ دەبوون و لە هەندێکیش چەند دانەیەک.

کەسی تووشبوو سەرەتا برژانگەکانی سپی دەبوو، دواتر برۆ و مووی سەر و ڕیشی. لە ڕۆژدا تیشکی خۆر ئازاری چاوی تووشبووی دەدا، ناچاری دەکرد خۆی بخاتە بەر نیسێ[23]. تووشبوو ڕۆژانە دەیان جار دەپژمی، دواتر تووشی هەڵامەت دەبوو، پاشـــان ســـینگ ئێشـــەیەکی توندی دەگرت وەک ئەوەی یەک ڕکێف [24]خۆیان خستبێتە سەر سینگی و پەراسوویان شکاند بێت، ڕەنگی ڕەش هەڵدەگەڕا، چـاوەکـانی هەڵدەئـاوســـــا و ڕەنگی چاوی دەگۆڕا، دیـار نەبوو تووشبوو چەند لە ژیاندا دەمایەوە، مانگێک، ڕۆژێک یانیش سەعاتێک، لە پڕێک دەمرد. دوای مردنیش چاوەکانی دەتەقین و لاشـــەی ســـووکەڵە دەبوو. خەڵکی کە پەتای لە یەکتری دەگرتەوە، هەبوو لە بەیانییەکەی وەک گوێزی ساغ بوون، هەر هێندە تووشی پەتا بووایە، تا ئێوارە حەیاتی ڕەشی لێ دەبڕا[25].

ژمارەی تووشـــبووان لە ڕۆژدا زیاتر بوو، تەنانەت ڕێژەی مردنیش لە شـــەودا کەمی دەکرد. لە پێناو بەرەنگار بوونەوەی پەتاکە، ئەوە عێلە وای لێ هـاتبوو، بە ڕۆژ دەخەوت و بە شـەو دەکەوتە کار. ماڵەکانیان تەواو تاریک دەکرد، کون

---

[23] نیسێ: سێبەر.

[24] ڕکێف: پارچەیک ئاســـنی نیو کەوانەیە، ســـوار قاچی دەخاتە ناوی وبە هۆی ئەمەوە دەســـەڵاتی بەسەر ئاژەڵەکەی دەسەپێنی و ئاوزەنگی دەکات.

[25] حەیاتی ڕەشیان لێ دەبڕا: ئیدیۆمێکی کوردییە، واتە ئەو کەسە گیان لەلەشی نامێنێت.

و کەلەبەری خانووەکانیان دادەپۆشی. شەمشەمەکوێرەی شەوکار [26]بوون، لە ترسی جرۆجانەوەران [27]حەجمانیان لێ برا. دەیانزانی ئەوان جرۆجانەوەران مرۆیان توشی پەتای کردووە، هەر ڕۆح لەبەریکیان بدیبا ولە ئەندازەی بستەکی گچکە تر بووایە دەیانتۆپاند.

خەڵکی شاروێن زۆر شتیان لەبیر چوویەوە، وەک مرۆی سەرتاییان لێهات، جگە لەمەش تەواو لە یەکتر دوور کەوتنەوە، ئەوانەی ڕزگاریان بوو و دوای پەتاکەش نەیان توانی نزیکی یەکتر ببنەوە. تاکە شتێک کە لە یەکتری نزیک دەکردنەوە جووتبوون بوو، تەنیا بەرگەی ئەوەیان نەدەگرت و پیاوان سێ خولەک نزیکی ژنەکانیان دەبوونەوە (هەندێکیان کەمتریش لە سێ خولەک). سێ خولەکی بێ باوەش، بێ ماچ و بی دەستبازی، وەک ئەوەی دوو هاوسێ لە یەکتر زیز بووبن و بەڵام منداڵە بچووکەکانیان هامووشۆی یەکتر بکەن و بەیەکەوە یاری بکەن. دوای دامرکانەوەی هەوەسیان، سەرەتا پیاوەکە بەخێرایی، بێ ئەوەی ئارەقەی پشتی سارد بێتەوە، خۆی لە گەرماو دەنا و دوای نیو کاتژمێر ئەوسا دەهاتە دەرەوە، دواتر ژنەکە دەچوو گەرماوەکەی بە داو و دەرمان دەشووشت و پاشان خۆی جلەکانی پاک دەکردەوە.

بەهۆی ئەم گۆڕانانە، ژنانی شاروێن لە پیاوان ماندووتر دەبوون، نە دەبوو قامکیان بەر یەک خواردنیش بکەوێت، بە سەرپۆشەکەیان دەم و لوتیان توند دەپێچا و لەپەوانیان لە دەستیان هەڵدەکێشا، ئەوسا چێشتیان وەسەر ئاگر دەنا.

---

[26]شەوکار/ کاری شەوانە

[27] جرۆجانەوەر: ئاژەڵی ورد و درشت.

**هەر منداڵێکی دیکە کە لەدایک دەبوو، ئیتر شـــمەکەکانی بۆ جیا دەکراوە، دەوری[28] و کەوچکی خۆی جوودا دەبوو، نە دەبوو شمەکی هیچکامیان لەگەڵ ئەوی تریان تێکەڵ بێت. ئیدی لەو شـــارەدا هیچ ســـاوایەک مەمکی دایکی لە دەوی نەنا، لە ئەول ڕۆژی لەدایکبوونییەوە شـــۆربایان دەدایە تا ئەو کاتەی کەڵبەی دەهاتن. بە ماوەیەکی زۆر کەم شـــاروێن دەیان ســـاڵ گەڕایە دواوە و دوای پەتا وەک گوندێکی گەورەی لێ هات، تەواوی خەڵکی شار تووشـی پەتا بوو، ئەوانەی لە ژیاندا مانەوە، ئەوانە بوون، کە بەسەر پەتاکە سەرکەوتن.**

**ئەم گۆڕانکارییانە دوای پەتاش هەر وەک خۆی مایەوە، بوون بە گەلێک کە شیرازەی تێکچوو بوو، سەدان ساڵ لە ماچ و مووچ بێ بەش بوون.**

مەنیژە هەموو بەیانییەک، کە لە خەو هەڵدەســـتا، دوای بێڕ[29] کردن، دەچووە گەرماو ئاوێکی بە خۆیدا دەکرد. هەر لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە بەم شێوەیە فێر ببوو. هەموو چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوەیەکی دەبوو گەرماوێک بکات.

ئەو کاتەی تەمەنی نۆ ساڵ بوو، چاوەکانی بۆ یەکەمجار هەڵئاوسان، حەکیمێک بە نەودەر بەگی گوتبوو، کە دەترســـێت ئەمە ســـەرەتای دەرکەوتنی پەتایەکی نوێ بێت و دووبارە کارەساتێکی تر بەسەر ئەم مەملەکەتە دابهێنێت.

لەو کاتەوە خەڵکی شاروێن مەودای نێوان خۆیان و بنەماڵەی نەودەریان کردە دوو هێندە. ئەگەر جاران لە دووری دە پێ ســـڵاوێکیان لێی بکردایە، ئێســـتە لە دووری بیســـت پێ ســـڵاوی لێ دەکەن. ئەو دەمەی کە ناچارن بۆ گێرەکردن[30]

[28] دەوری: قاپ.

[29] بێڕ : مەڕ و بزن دۆشین.

[30] گێرەکردن: کوتانی قەسەڵ و کردنی بە کا، لەکۆندا بە ئاژەڵەکان وەک کەر و گا.

بانگی نەودەر بکەن، ئەوا لە دوورەوە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەن: نەودەر بەگ.. نەودەر بەگ، قەسەڵم بەسەریەکدا گێڕاوە سبەی وەرە.

بۆ مەنیژە جیاوازترە، هیچ کەس تەنانەت ناوێرێت سـەیریشـی بکات، نەکات بەهۆی ئەم دیدەنیەوە تووشی پەتا بن.

کەس چاوە ڕەشـەکانی، پرچە کاڵەکەی بەژنە باریکەکەی مەنیژەی بە ڕوونی نەبینیوە. هەندێک کەس هەر نەیاندەویست ناویشی بزانن، نەکات ڕۆژێک ناوی مەنیژەی بێتە سـەر زاریان و پەتا بە گیانیاندا شـۆڕ بێتەوە. دەیانگوت: ئۆی خودا نەکات.. ئەی موو بێت لە زمانمان.

(ئاربەکیش)[31] ناوی نەدەزانی و هەرگیز پێشتر نەی بینیبوو.

ئەو بەیانییەی کە مەنیژە لە بیری گەڕایەوە و نەچووە ماڵەوە، چووە سـەر ڕووبارەکە کە بە باشـووری شـارۆیندا تێ دەپەڕی پێنج یاردە لە ماڵیانەوە دوور بوو. حەزی کرد ئەمجارە لە ڕووبار خۆی بشوات.

ئاربەک بێ ئاگا بوو لەوەی کیژێک دێت تا لە ڕووبار خۆی دەشـوات، بۆ خۆی لە ناو گژوگیای دەم ڕووبارەکە پاڵکەوتبوو، کە هەسـتا بگەڕێتەوە ماڵەوە، بینی کیژێک لەو بەری ڕووبارە وا خەریکە دەچێتە ناو ڕووبارەکە. هەسـتایە سـەر پێ و خۆی لە پەنا تاشەبەردێک شاردەوە.

مەنیژە دوای ئەوەی چەند جارێک بە جلەکانی بەرییەوە خۆی لەناو ئاو نوقم کرد، دوای کەمێک، لە لێواری ڕووبارەکە نزیک بووە و نیوەی لە ناو ئاودا مابووەوە و نیوەی لە دەرەوە، وەکوو پەریدەریا بێت و کەوتبێتە کەیف و

[31] ئاربەک: سەرکردەیەکی میدی بووە.

ســـەفا، لەگەڵ ئاو ببووە هاوڕێ و کەیفی دەکرد، بێ ئەوەی بزانێت کەوتووەتە ژێر سێرەی نێچیرڤانێک.

گەڕایە لێوارەکە و کراسـەکەی بەری داکەند فڕیی دایە ڕۆخ ڕووبارەکە، پاشـان بە لمە ڕەشـەکەی لێواری ڕووبارەکە، بەشـی سـەرەوەی بەدەنی سـواق[32] دا. ئاربەک دەیدیت کەوا چۆن مەنیژە خەریکە مشـــت مشـــت لمی ڕووبارەکە هەڵدەگرێت و لە بەندی هەڵدەسوێت، سەرەتا سەر سینگی و دواتر شانو ملی. دەســـتی درێژ دەکرد تا ئەو شـــوێنەی کە دەســـتی دەیگەیشـــتێ قوڕی تێ هەڵدەسوو.

ئاربەک هۆشی لەسەریدا نەما بوو، بێ ئاگا لەوەی تەواو خۆی ئاشکرا کردووە و لە پشت تاشەبەردەکە هاتووەتە دەرەوە.

کە مەنیژە ئەوی بینی گەلێک ترســـا وخۆی هاویشـــتەوە ناو ڕووبار، تا ژێر گەردنی نوقمی ژێر ئاوەکە کرد.

«مەترسە مەترسە.. ئازارت نادەم» مەنیژە تەواو پەشۆکا بوو، نەیدەزانی چۆن دەســـتی بگەیەنێتە کراســـەکەی و لەوێ ڕابکات. ئاربەکیش هەوڵی دەدا بە تەنکاییی ڕووبارەکەدا بچێتە لای.

«ئازارت نادەم» ئەمەی چەندین جار دووبارە کردەوە، کراســـەکەی مەنیژەی هەڵگرت و بۆ هەڵدا. هەر لە ژێر ئاوەکە کراسـەکەی لەبەر کرد و هاتە دەرەوە. بەبێ ئەوەی سەیری ئاربەک بکات هەوڵیدا لەوێ دوور بکەوێتەوە.

«تۆم هەرگیز لێرە نەبینیوە، خەڵکی ئێرەی؟» «تکایە لێم نزیک مەکەوە، ئەمن نەعلەتییمە» ئاربەک کەمێک پێکەنی، یەکەم جار بوو شـــتێکی وا ببیســـێت. «نەعلەت لێکراوی؟ هەوڵ دەدەیت بمترســـێنیت دەتەوێت لێت نزیک نەبمەوە؟»

---

[32] سواقدان: شاردنەوەی درز و کەلێنی دیوار و سەربانەکان بەقوڕ.

که ئەم قسەی کرد، گەیشتووە نزیک مەنیژە و مەچەکی گرت، مەنیژە بەخێرایی خۆی ڕاپسکاند. نیگای یەکتریان کرد و بۆ چەند چرکەیەک لە یەکتریان ڕوانیی. مەنیژەی تــا وەکــات بێ هــاوڕێ و هــاودەم بوو، کە بیری لەوە کردەوە هاودەمێکی دەبێت، هەســــتێکی خۆش خەریک بوو بە گیانی دا دەهات. بەڵام هێشـتا دە ترسـا بە هەر شـێوەیەک بوو، ئەوی جێی هێشـت و هیچ قسـەیەکی دیکەی نەکرد.

**ئەم عیشقە ڕەنگی ئاڵە**

**«ئەوەی بینیبووم کەس باوەڕی پێ نەکردم»**

**مەنیژە لەگەڵ ئاربەک قســــەی دەکرد، کە هەردووکیان لە دووری دە گەز[33] لە یەکتر ڕاوەستا بوون.**

**ئەگەر لە ڕۆژئاوای شار و لە گۆڕستان نەبان، هەر کەسێک بەلایاندا تێپەڕیبا گوێیی لە تەواوی قسەکانیان دەبوو. چونکە ناچار بوون بە دەنگێکی بەرز قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، تا بەباشــی گوێیان لە یەکتر بێت. گۆڕســتان بە بەردەوامی وا بێـدەنـگ بوو، کەس نزیکی نەدەبووە، لە دوای پەتــاکەوە تەنیــا ئەگەر مردوویەکیــان هەبووایە نــاچــار بوون بێن، بەڵام مەنیژە وا نەبوو، لە دوای مردنی دایکی بەبەردەوامی دەهاتە سەر گۆڕی.**

**«بە ڕاســـتی نەفرەت لێ کراوی؟» زانی قســــەکەی لە دڵان گرانە و هەر زوو ڕاستی کردەوە «مەبەستم ئەوەیە بۆ چی خەڵکی پێی وایە نەفرەتت لێ کراوە»**

---

[33] گەز: یەکەیکی پیوانەیە لە مەتر کەمتر، لەسەر شان تا سەری پەنجە گەزێکە و پێی دەوترێت گەز.

دوودڵ بوو لەوەی وردودرشـــتی ئەوەی بینیویەتی بیگێڕێتەوە یاخود نا؟ ئەو کاتەی ئەمە ڕوویدا کەس باوەڕی بە قســـەکانی مەنیژە نەکرد، تەنیا باوکی نەبێت. لە باوکیشـــی دڕدۆنگ بوو، کە ئایا ڕاســـت باوڕی پێدەکات یان لە خۆشەویستییان ئەو متمانەیەی بۆ دروست بووە.

«خوێنێکی ئاڵم بینی» «چی؟»

«ئەو دەمەی باوکم کۆرپەلە مردووەکەی توند بە ســـینگی وەنووســـاند بوو، دایکم لەسەر پشت کەوتبوو خوێن لە داوێنی دەچۆڕا، من خوێنێکی ئاڵم بینی.» نەی دەزانی چۆن تێ بگەیەنێت خوێنی ئاڵ مەبەستی چییە؟ گوتی: «پێم وابێت ڕەنگ خۆشەویستیم بینی بوو»

ئەوەی کە لە یەکەمجاری ژیاندا ڕوویدا بوو، کە جگە لە ڕەنگی ڕەش و ســـپی و ئەو ڕەنگانەی لەم دووانە دروست دەبن پێشتر هیچ ڕەنگێکی تری نەبینیبوو. چەند ساڵێک دوای پەتاکە خەڵکی شاروێن تووشی دۆخێک بوون کە تەنیا ئەو دوو ڕەنگە و ئەو ڕەنگانەی لەو دوو ڕەنگە دروســـت دەبێت دەیانبینی. دوای ماوەیەک هەموو ڕەنگێکیان بیر چوو بووە، تەنانەت ناوی ڕەنگەکانیش. مەنیژە نەیدەزانی چۆن تێ بگەیەنێت کە مەبەســـتی لە ڕەنگی دیکە چییە؟ خەڵکی شـــاروێن تەنانەت لە کتێبە کەونارەکانیش کاتێک ناوی ڕەنگێکیان دەخوێندەوە، هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو بۆ ئەو ڕەنگەی کە ناوی هاتووە چۆنە؟

چەند هەنگاوێک لێی نزیک بووە وەلێ دڵنیا نەبوو کە ئایا ئاربەک لە شـــوێنی خۆی دەمێنێت و یان دەکشـێتە دواوە. دڵنیا نەبوو لێی دەترسـێت یان متمانەی پێ دەکـات. وەلێ ئەو متمـانەی پێ کرد بوو، ئەوێ ڕۆژێ کە بۆ یەکەمجـار ڕووبەڕرووی یەکتر وەســـتا بوون، لە چاوانی یەکتریان ڕوانیبوو، ڕەنگی لە بەژن و باڵای ئاربەک بینیبوو.

«دەزانی لەبەر چی متمانەم پێ کردیت؟» ئاربەک هیچی نەگوت تەنیا گوێی گرتبوو، چەشنی کەسێک کە ماوەیەکی زۆر بێت کەس قسەی بۆ نەکرد بێت.

مەنیژە لێی نزیک بووە، تەنیا دوو پەنجەیان نێوان هەبوو. دەستی بەرزکردەوە و پەنجەی بەسەر خاڵی ژێر گەردنی خۆی داهێنا و دواتر هەمان ئەم پەنجانەی بە ڕیشی ئاربەک داهێنا. «سەیرکە، تۆ خاڵی ژێر گەردنم، ڕیشی ڕەشت و پەنجەی بە خەنەم بە یەک ڕەنگ دەبینی. بەڵام من نا.» ئاربەک هێشتا گوێی گرتبوو، ئەمجارە پەنجەی گەورەی هەڵئاوساوی لە لێوی ئاربەک خشاند، بە پشتی دەستەکەی دیکەی، پرچی کاڵی خۆی هێنایە پێشەوە « لێوی ئاڵت، پرچی کاڵم یەک ڕەنگ نین و تەنانەت ئەو نێرگزانەی لە پرچمم داوە تۆ بە سپی و خۆڵەمێشیی کاڵ و خۆڵەمێشیی تۆخ دەیبینی، لەلای من ڕەنگی تر دەنوێن. سپی وێنای بەفرە و خۆڵەمێشیی کاڵەکەی تیشکی خۆرە و تۆخەکەی لە پشتی کیسەڵ دەچێت. تۆ پێت وایە پەپوولەیەکی سپی لە بەهاردا هەمان ڕەنگی پەپوولەی سپیی پاییزی هەیە؟ پێت وایە مێشەهەنگ و قالۆچە یەک ڕەنگن؟ مشک و سمۆرە لە یەکتر دەچن؟»

ئاربەک سەیری ئەو نێرگزانەی دەکرد کە مەنیژە لە پرچی خۆی دابوو، پێشتر هەرگیز ئەمەی لە هیچ کچیکی دیکە نەبینیبوو. مەنیژە نەک تەنیا تاکە کچی ئەو شارە بەڵکوو تاکە مرۆڤی ئەم شارە بوو کە گوڵەکانی لەلا سەرنجڕاکێش بێت. لەلای ئەو هەموو گولەکان یەک ڕەنگ نەبوو، کاتێک بە خۆشەویستییەوە لێی دەڕوانین هەر گوڵە و ڕەنگێکی دەنواند، دەیویست ئەمەش بە ئاربەک بڵێت.

ئاربەک متمانەی تەواوی بە قسەکانی دەکرد، ئەگەرچی بە چاوی خۆی هیچ ڕەنگێکی نەبینی بوو، جگە لە ڕەش و سپی، هیچ بیرۆکەیەکیشی نەبوو دەربارەی ڕەنگەکان. «دەزانی خەڵک بۆ وا دەزانن نەفرەت لێ کراوم؟ سەیری چاوەکانم بکە، وەک چاوی هەر کەسێکی دیکەیە، بەڵام ئیستە کە بەڕەنی

ئاڵووالا تۆ دەبینم، ســـبەی لە خەو خەبەرم بێتەوە چاوەکانم هەڵدەئاوســـێن، کێمێک دەردەدەن کە ئێوە بە ڕەنگی ماشـــوبرنجی دەیبینن و من بە ڕەنگێکی نامۆی تێکەڵ بە کەمێک ڕەنگی دیکە، کە لە ڕەنگی خەنەی ســـەر پەنجەکانم دەچیت، ئەو خەنەیەی جگە لە من هیچ کچێک پەنجەی تێ نانێت، ناتوانن جوانی خەنە ببینن، کە من دەی بینم. خەڵکی خەنە بۆ قەڵشـــینی دەســـت و پێیەکانی بەکار دەهێنیت، وەگەر نا بەلایدا ناچن، من لە بسکمی هەڵدەسووم.

ئەوان نازانن بەڵام من دەزانم، ڕەنگی خەنە چەند دڵبەرە، چاوەکانم بەرگەی ئەو ڕەنگانە ناگرن و پیان ڕانەهاتوون، چونکە منیش هەمیشە ناتوانم ڕەنگەکان ببینم. ئێمە تاریکیمان دیووە، لە ڕەش و ســـپی زیاتر هیچی تر نابینین، لەبەر ئەوەیە کاتێک چاوەکانم ڕەنگێکی دیکە دەبینێت ئازاری دەبێت. ئاربەک! خەڵکی ئێرە لە یەکتر دوورن، مەودای نێوانیان کوێری کردوون. هەموو تەمەنیان لە تەنیایی بەســەر دەبەن، هەرگیز یەکتریان خۆشـنەویسـتووە، من بابەم دیت کە چەند بە خۆشـــەویســـتییەوە بێ گوێدان بە پەتا و دەرد وعیلەت، دایکمی لە بـاوەش گرت و بۆی دەگریـا، بینیم چۆن کۆرپەلە مردووەکەی لە بـاوەش کردبوو لە خۆی جیا نە دەکردەوە. هەموو خۆشـەویسـتی خۆی نیشـاندەدا بۆ ئەم دوو مردووە، من بابەم بینی، خۆشەویستیم بینی، ڕەنگم بینی.» هەردووک دەسـتی ئاربەکی گرت و گوشـینی. چاوەکانی داخسـت بوو و فرمێسـکی ڕوون بەسەر ڕوومەتی سپیدا دەهاتنە خوارەوە.

ئاربەک کەمێکی دیکە لێی نزیک بووە و لەشـــیان بەر یەکتر کەوت، چاوەکانی داخســـت و بە ئەســـپایی ماچێکی لە ڕوومەتی ســـپیی مەنێژە کرد. مەنێژە یەکەمجار بوو لە ژیانی ماچ بکرێت و ئاربەک یەکەمجاری بوو کەســـێک ماچ بکات، دەنگی ماچەکە لە شکانی لقە دارێکی وشک دەچوو.

کـاتی مـاچەکە هەردووکیـان چـاویـان داخســـتبوو، لەگەڵ دەنگی مـاچەکە چاوەکانیـان کردەوە و ســـەیری یەکتریـان کرد، ئاربەک مەنیژەی بینی بۆر هەڵگەراوە، هەســـتی کرد خۆشـــی ڕەنگی گۆڕاوە. دڵی هەردووکیان بەخێرایی لێدەدا، هەســتێکی ســـەیریان هەبوو، چێژێکی ســـەیریان لێی بینی. هەرگیز بەم شیوەیە نەخرۆشابوون.

ڕۆژی دواتر کاتێک وەستا نەودەر خەریکی بەستنەوەی چەرخی گالیسکەکەی بوو، ئارەقی نێوچاوانی دەسـڕی، مەنیژە هاتوو دێمکەیەک ئاوی لەبەردەم دانا و نیوەی ئاوەکەی لێ ڕژا.

باب سەیرێکی کرد و لە چاوانی ڕوانی، بێ ئەوەی نووقەی لە دەمی دەربچێت، چووە پێشی بە قامکی دۆشاومژەی پێڵووی چاوی مەنیژەی ڕاکێشا.

-دیسان چاوت هەڵئاوساوە؟

مەنیژە ســـەری نەوی کرد و ســـەیری بەردەمی خۆی کرد، پێکەنینێکی نامۆی ژنەوت، لە حیلە[34] دەچوو. ســـەری بەرز کردەوە. باب دیتی ئاربەک لە دووری سێ مەتر دوورە لێیان و بە دوو چاوی هەڵئاوســاو کە کێمێکی ماشـوبرنجیان دەرداوە، سەیری وی و مەنیژە دەکات.

ئاربەک ئاوێکی لیڵ لە لووتی دەهات و بە دەســـتی زوو زوو لووتی دەخوراند جار جارەش دەپژمی، لە مەنیژە نزیک بوویەوە، دەستی بۆ لای دار گێلاسەکان ڕاکێشا و ڕووی دەمی لە مەنیژە کرد، گوتی: ***ئەو شکۆفانە ڕەنگینن.***

٢٠٢٥/٢/٢٤-١٧

[34] حیلە: دەنگی ئەسپ.